# یەکی شوبات برینێک لە مێژوومان‌دا

کاوە ئەمین

ساڵێک پێش ئێستا، تیرۆریستان، نەوەکانی شەمشەمە کوێرەکانی سەدەکانی چاخی بەردین، ئەوانەی کە تەنها لە ژینگەی تالانکردن و ئەنفالکردن و مشەخۆریدا، دەژین و کەلاوە و سەرەلوێنەکان بە ماڵی خۆیان دەزانن، لە ڕۆژی جەژندا کۆمەڵێک خەباتکار و خەڵکی سڤیلی کوردیان کردە قوربانی. تیرۆریستان بەو کارە ناڤرۆڤایەتییەیان، بزەیان خستە سەر لێوی داگیرکەرانی کوردستان و لاپەڕەیەکی مێژووی ئێمەشیان لە خوێن هەڵکێشا.

ئەوان بەو کارەیان، کۆمەڵک مرۆڤی کوردیان لە ئێمە کرد، بەڵام هەنگاوێک کوردیان لە یەکگرتوویی نزیک کردەوە. نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی، هەولێر و ئامەد و سنە و سلێمانی و قامیشلو، شایەتیەکی مێژووین کە دەبێت سەرانی کورد دەرسی لێوەربگرن، چونکە ئەو کردەوەیەی تیرۆریستان هەمان تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و سینەمای ئامودا و کۆمەڵکوژیەکانی دەوڵەتی تورک و ئێران بوون، دووپاتکرانەوە. داگیرەکەران و تیرۆریستان جیاوازی لە نێوان چەکدارێکی کورد و منداڵێکی سەربێشکە دانانێن، گرنگ ئەوەیە کوردێک کەم بکەنەوە، مەگەر کاتی تێکشکانی شۆڕشی ئارارات، تورکەکان بە لوتبەرزییەوە نەیان وتووە "باشترین کورد ئەو کوردەیە کە لە نێو گۆردایە" و ئەو کاریکاتێرەی کە ڕۆژنامەیەکی تورکی ئەو سەردەمە بلاویکردۆتەوە لە شێوەی گۆڕێکدا کە لەسەری نووسراوە خەوی دەوڵەتێکی کوردیی لێرەدا نێژراوە، ئێستاش لەلایەن دەسەلاتدارنی تورکەوە ڕۆژانە دووبات دەکرێتەوە. هەڵکردنی ئالایەکی کوردی لە کەرکووک بە شەوەزەنگێک دەزانن بۆ خۆیان.

دەستگیر کردنی باندە تیرۆریستیەکان کە دەستیان لە کارەساتی یەکی شوباتدا هەبوو لەلایەن دەستگای ئاسایشی هەولێرەوە، گوڵێک بوو خرایە سەر گلکۆیی شەهیدانی یەکی شوبات.بۆیە وەکو کوردێک دەستخۆشی لە هەموو ئەو کوڕ و کچە قارامانەنەی کە لە بەرەیەکترازانی باندە تیرۆریستیەکندا دەستیان هەیە، دەکەم. گەلی کورد بەو هەولانەی ئێوە هەست بە ئارامی و ژیانێکی سەقامگیر و دوارۆژێکی ڕووناک دەکات. بۆیە دەبێت ئێوەش بەڵێن بدەن کە گوڵێکی ئەو کوردستانە نەژاکێنن و ڕێز لە بیروباوەڕە جیاوازەکان بگرن و نەکەن هیچ تاکێکی کورد لەسەر بیروباوەڕی سیاسی ئەزیەت بدەن، چونکە کوردستان بەو هەموو گوڵ و بیروباوەڕانەوە جوانە.

کورد هەمووی یەک چارەنووسی هەیە کە تەنها بە دامەزراندنی کیانێکی نەتەوەیی و کوردستانیانە دەتوانێت لە تیرۆرسیاتان و دوژمنانی دڵ پڕ لەقین، کیانێک کە خێمەیەک بێت بۆ هەمووان و لە سەرماو گەرمای ئەو ڕۆژاهەڵاتە، بمان پارێزێ.

کاتێک لە کۆتای ساڵی ڕابردوودا، تسونامی کە شەپۆلی تورەی دەریاکەنە، نزیکەی سێ سەد هەزار مرۆڤی لە چاوتروکانێکدا بەرەو دەریای مردن ڕاپێچ کرد، شای سوێد کارل گوستاڤ لە وتەیەکی خەمناکدا بۆ قوربانیەکان بە تایبەتی بۆ ئەو سوێدیانەی کە بێ سەروشوێن بوون و مردن وتی" وشەکانم لە ئاستی ئەم کارەساتەدا، وشکاییان هاتووە، دەتوانم بۆ ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان لە دەستداوە بڵێم: کە لە ناخەوە هەست بە ئازارەکانتان دەکەم، چونکە منیش وەکو ئێوە لە تەمەنێکی منداڵیدا باوکم کۆچی دوای کرد، بۆیە دەزانم کە باوک مردن چەند ناخۆشە و چەند برینێکی بەسۆیە بەبێ باوک گەورەبوون".

منیش کە لە تەمەنێکی منداڵیدا، باوکم شەهید کرا، سەرەڕای میهرەبانی دایکم بەڵام دیسانیش بێ باوکیمان پێوە دیاربوو. شای سوێد کە لەنێو نازو نیعمەتدا گەورەبووە و لە هیچی کەم نەبووە بەڵام دیسانیش ناتوانێت ئەو هەستە بشارێتەوە، هەستی بێ باوکی. بۆیە من لە ناخی دڵمەوە، هاوبەشی خەمی هەموو ئەو منداڵانەم کە باوکیان لە کارەستاکەی یەکی شوباتدا شەهید بوو، ڕەنگە من و هەزارانی تر کە باوکمان شەهید کراوە تەنها بە دەوڵەتێکی کوردی سەبوریمان بێت، بۆیە منیش وەک کاک مەسعود بارزانی دەڵێت: دڵنیام کە دەوڵەتێکی کوردی دادەمەزرێت، درەنگ یان زوو، دەوڵەتێک کە ببێتە شوێنی حەوانەوەی هەمومان و دۆستی گەلانی ناوچەکە، نەک وەک تورک کە بەچقڵی چاوی خۆیانی دەزانن.

خۆزگە یادی یەکی شوبات ببوایەتە، خاڵی وەرچەرخان بۆ ئاشتبوونەوەیەکی گشتی سەرتاسەری و کوردستانیانە و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پێکەوە ژیان و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا.

یادتان بەخێر، قوربانیەکانی یەکی شوبات و هەموو شەهیدانی کوردستانی گەورە.